# شانشینی مۆدە و بەختەوەرییەکی دەستکرد

نەوزاد عومەر عەلی
(کەرکووک)

مـۆدە، لـە ڕووکەشـدا، وەک جیهانێـک لە قوماش و ڕەنـگ دەردەکەوێت، بـەڵام لـە ناوەڕۆکیـدا، وەک ئـەوەی کۆمەڵناسـی هاوچەرخـی فرەنسـی «جیـل لیپۆڤێتسـکی» لـە کتێبـی «شانشـینی مـۆدە»دا بـە نەمانـی نوێبوونـەوەی ڕاستەقینەی دادەنێت و دەڵێـت: دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتـی و کولتوورییـە، ڕەنگدانـەوەی سروشـتی مرۆڤـە لـە سـەردەمی مۆدێرنیتـەدا، تەنیا ئامرازێـک نییـە بۆ ڕازاندنەوە و جوانـکاری، بەڵـکوو زمانێکـی هاوچەرخـە کـە گوزارشـت لـە گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییـەکان و پێوەنـدی تـاک لەگـەڵ خـۆی و ئەوانـی دیکـەدا دەکات.

لـەم چەنـد دەیـەی دواییـدا وەک دیاردەیەکـی ئارەزوومەندانـە بۆ گۆڕانکاری لە ئەورووپا لەدایکبوو. دەرئەنجامـی ئـەوەی لـەم سـەردەمەدا گۆڕانـکاری لـە خۆیـدا بـووە بـە بەهـا، نـەک پێویسـتی، بۆیـە بـەردەوام لـە گەشـەدایە.

فاشـن (Fachion)، یـان مـۆدە لەگـەڵ سـەرهەڵدانی مۆدێرنیتـەدا سـەری هەڵـداوە، کاتێـک مـرۆڤ بـۆ ئازادبـوون لـە سنووردارکردنی ڕەق و نەریتـی دەسـتی بـە کۆشـش کـرد و بـەردەوام بـەدوای جیـاکاری و داهێنانـدا وێڵـە. لـە کاتێکـدا کـە جلوبـەرگ سـەردەمانێک گوزارشـتی لـە پێوەندیـی چینایەتـی دەکرد و بە یاسـاگەلێکی جێگیـرەوە پابەنـد بـوو، بـەڵام لـە دنیـای ئەمـڕۆدا

بووه بە ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناسنامەی تاک. بەم شێوەیە مۆدە بۆ فەزایەکی ئازادی گۆڕا، کە ڕێگە بە هەر تاکێک دەدات وێنەی خۆی دووبارە لە قاڵب بداتەوە، بەڵام ئەم ئازادییە لە ناوەڕۆکدا ڕواڵەتییە و لە پشت خۆیەوە لۆژیکێکی جیاوازی دەمامک کردووە، چونکە مۆدە لەسەر بنەمای گۆڕانکاری بەردەوام دامەزراوە، بە جۆرێک کە نوێکاری لە پێناو خۆیدا دەبێتە شتێکی خوازراو و ئامانجدار، نەک لە پێناو بەها ناوەکییە ڕاستەقینەکەیدا.

هەموو شێوازێکی نوێ بە خێرایی درەوشانەوە و سەرنجڕاکێشیی خۆی لەدەست دەدات و شێوازێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە، لە بازنەیەکی بەردەوام لە داهێنان و نەماندا دەخولێتەوە. بەم شێوەیە، مرۆڤایەتی دەچێتە دۆخێک لە داواکاریی بەردەوام لە نوێبوونەوە، بەبێ ئەوەی هەرگیز بە تەواوبوون بگات، یان ڕەزامەندیی تەواو، هەروەها لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگە بەکاربەرەکاندا، مۆدە بووەتە هێزێکی ئابووری گەورە و ترسناک، تاک بۆ مەسرەفگەرایی بەردەوام پاڵ دەنێت و هەستێک لەناویدا بۆ خواستی هەمیشەیی لە مۆدێلی نوێتر وەک پێویستییەک دروست دەکات. لە هەمان کاتدا میدیا، ئامرازە مۆدێرنەکانی پێوەندیکردن و تۆڕە کۆمەڵایەتییە نوێکان لە خێراکردنی ئەم خێرابییەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، بە جۆرێک ئەگەرچی لە ڕابوردوودا مۆدە دیاردەیەکی وەرزی بوو، بەڵام ئێستا ڕووداوێکی ڕۆژانەیە و بە خێرایی لە گۆڕاندایە.

لە ڕووی دەروونییەوە، وەک شمشێرێکی دوودەم ڕۆڵ دەگێڕێت، لەلایەکەوە هەستی جیاکاری و سەربەخۆیی بە تاک دەبەخشێت، لەلایەکی دیکەشەوە ڕەنگە جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و ناڕەزاییبوون لە ئەنجامی بەراوردکردنی بەردەوام لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروست بکات، لێرەدا پارادۆکسی مۆدەمان بۆ دەردەکەوێت: کە چۆن مرۆڤ هەوڵدەدات جیاواز بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەدوای قەرەباڵغی دەکەوێت، هەمان ئەو کارە دەکات کە هەمووان دەیکەن. بۆ نموونە هەزاران کەس لاسایی هەمان نیگا، یان هەمان ئالێنگاری دەکەنەوە. ڕاستییەکەی ئەمە تاکگەراییەکی ڕووکەشە لە چوارچێوەی هاوشێوەبوونێکی بەکۆمەڵدا.

بێگومان مۆدە چیتر تەنیا لایەنێکی ژیان نییە، بەڵکوو بووە بە چوارچێوەیەک کە زۆرجار هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەمان ئاراستە دەکات. ئاوێنەی سەردەمێکە کە لەسەر بنەمای خێرایی، بەکاربردن و تاکگەرایی بنیاد نراوە. لە هەمان کاتدا، پرسیارێکی قووڵ دەخاتە ڕوو: ئایا ئێمە خۆمان سەربەخۆ بڕیارەکان دەدەین، یان لەناو سیستمێکی نەبینراودا دەجووڵێین کە ئارەزووەکانمان ئاراستە دەکات؟ ئەم تێگەیشتنە لە مۆدە، بە واتەی ڕەتکردنەوەی نییە، بەڵکوو ناسینی میکانیزمەکانیەتی، تا مرۆڤ بتوانێت بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات و ئازادیی ڕاستەقینەی خۆی لە ناو جیهانێکی پڕ لە گۆڕانی خێرادا بپارێزێت.

لیپۆڤێتسکی لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەوە شیکاری بۆ دیاردەی مۆدە دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بووەتە بەشێکی جەوهەری لە ژیانی مۆدێرن و دەڵێت: مۆدە تەنیا جلوبەرگ، یان ڕواڵەتی دەرەوە نییە، بەڵکوو سیستمێکی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگییە کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکاری قووڵی بەهاکانە وەک: تاکگەرایی، بەکاربەری، ئازادیی تاکەکەسی، خواستی خاوەندارێتی بێکۆتا و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ نوێبوونەوە، زمانی مۆدێرنی

سـەردەمی نیولیبراڵیزمـە، بـەڵام زمانێکـە کـە زۆر زوو تێپـەڕ دەبێت. دیدی خۆی لەسـەر مـۆدە لـەم چەنـد خاڵــەی خـوارەوەدا کۆدەکاتــەوە:

١. مۆدە وەک هێمای مۆدێرنیتە: مۆدە پەیوەستە بە سـەرهەڵدانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانـەوە، چونکە لـە کۆمەڵگـە نەریتییەکانـدا بـەم شـێوەی ئێسـتا نەبـووە، لەبـەر ئـەوەی گوزارشـت لـە ڕزگاربـوون لـە نەریتـی ڕەق دەکات.

٢. لــە نەریتــی جیاکاریــی کۆمەڵایەتییــەوە بـۆ تاکگەرایــی: لــە قۆناغــە ســەرەتاییەکاندا، مــۆدە ئامرازێـک بـۆ جیاکردنـەوە و پۆلێنکردنـی چینایەتـی کۆمەڵایەتــی (خانەدانــەکان بەرانبــەر بــە خەڵکــی ئاسـایی) بـوو، چینـی سـەرەوە داهێنانیـان تێـدا دەکـرد و چینـی خـوارەوەش لاساییيان دەکـردەوە، ئەمـەش پێشـبڕکێیەکی بەردەوامـی بـەرەو داهێنـان دروسـتکرد، بـەڵام لەگـەڵ سـەرهەڵدانی تاکگەراییـدا چەمکـی «سـتایلی کەسـی» سـەری هەڵـدا و بـوو بـە ئامرازێـک بـۆ بنیادنانـی ناسـنامەی تـاک و دەربڕینــی خــود، هــەر کەســێک لــە ڕێگــەی هەڵبژاردنەکانـی خۆیـەوە دەتوانیـت خـۆی دیزایـن بکاتــەوە، هەروەهــا چیتــر جلوبــەرگ بــە تــەواوی لەلایــەن کۆمەڵگــەوە دیــاری ناکرێــت.

٣. لــە کەمییــەوە بــۆ بەکارهێنانــی خێــرا: جەوهــەری خولەکانــی مــۆدەی مۆدێــرن ئــەو شـتەیە کـە ئەمـڕۆ بـە «مـۆدەی خێـرا» ناسـراوە و لەسـەر بنەمـای گۆڕانکاریـی بـەردەوام و خێـرا دامــەزراوە، چونکــە چیتــر حــەز و ئــارەزووەکان بـە جێگیـری نەماونەتـەوە و ڕەوتـە نوێیـەکان بـە خێرایـی دەگۆڕێـن، تەنانــەت پێــش ئــەوەی بــە تـەواوی بەکاربهێنرێـن. ئامانـج لێیـان ڕازیکردنـی خەڵکـە بـۆ ئـەوەی هەمیشـە نوێتریـن شـت بکـڕن و بـە جیـاواز دەرکـەون.

٤. کاتیبوونـی نوێـکاری وەک بیرۆکـەی ناوەندیـی مۆدە: هەمـوو شـتێکی نـوێ لـە مـۆدەدا قـەدەری وایـە بـە خێرایـی نامێنێـت و شـێوەیەکی دیکـە جێگـەی دەگرێتـەوە. نوێبوونـەوە بـۆ خـۆی بـووە بـە بەهایـەک، تەنانـەت ئەگـەر کاتیـش بێـت، وای کـردووە مرۆڤــەکان لــە خولگەیەکـدا بژیــن: لــە داهێنانــەوە بــۆ بڵاوبوونــەوە و دواتــر بێــزاری، جارێکــی دیکــە گــەڕان بــەدوای جێگــرەوەی نوێـدا. مــۆدە بزوێنــەری ســەرەکیی بەرخــۆری سیسـتمی سـەرمایەدارییە و لەگـەڵ بەرژەوەندیـی بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکانی وەک (Zara و Shein) تێکـەڵاو بـووە، کـە بـەردەوام کاڵای نـوێ دەخەنـە بـازاڕەوە، بـۆ ئەمـەش پێویسـت دەکات خواسـت بـە زیندوویـی بمێنێتـەوە و بەکارهێنەرانیـش لەنـاو سـوڕی کڕینێکـی بەردەوامـی بێکۆتـادا گیـر بخـۆن.

٥. مـۆدە و دیموکراسـی: چیتـر مـۆدە لەلایـەن دەسـتەبژێرە باڵاکانـەوە قۆرخـکار ناکرێـت، بەڵکـوو هەمـوو کەسـێک دەتوانێـت بـە پلـەی جیـاواز دەسـتی بـە مۆدێلـی جیـاواز بـگات، چونکـە سـەرهەڵدانی کۆگـەی گـەورە و جلوبەرگی ئامادەکراو بەشـدارییەکی بەرچاویـان لـەم هەنـگاوەدا کـردووە، تەنانــەت جۆرێــک لــە ڕەنگدانــەوەی یەکســانی و دیموکراسـیی ڕووکەشـی تێدایـە، بێگومـان جیاوازیـی چینایەتـی هـەر بەردەوامـە، چونکـە مـۆدەکان یـەک کوالیتییــان نییــە.

٦. کاریگـەری دەروونـی و کولتـووری: ئەگەرچـی مـۆدە هەسـتی جیـاکاری و سـەربەخۆیی بـە مرۆڤــەکان دەبەخشــێت، بــەڵام لەهەمــان کاتــدا دەتوانێـت گوشـاری کۆمەڵایەتـی، نیگەرانـی تـاک لـە دەرکەوتنـی ڕواڵـەت، زیادەڕۆیـی لـە خـواردن، تاکێکـی مەسـرەفگەراش دروسـت بـکات، هەروەهـا ڕۆڵێکـی دەروونـی ئاڵـۆز لـە ژیانـی مرۆڤـەکان لەنێـوان حـەز بـۆ مەسـرەفگەرایی و وابەسـتەیی بـۆ ناسـنامەی خـود بەرهـەم دەهێنێـت.

٧. مۆدە وەک هێزێکی کولتووری و میدیایی: مۆدە چیتر تەنیا لە پێوەندی بە جلوبەرگەوە نەماوەتەوە، بەڵکوو ئێستا ئەمانەش لەخۆدەگرێت: شێوازی ژیان، تەکنۆلۆژیا، هونەر، شێوازی نان خواردن و قسەکردن، تەنانەت هەموو شتێک ملکەچی لۆژیکی مۆدە بووە و بووە بە ترێند. بێگومان میدیا و دواتر ئینتەرنێت بوون بە بزوێنەری سەرەکی بڵاوبوونەوەی مۆدە و خێراتریان کرد، چونکە وێنە و ڕیکلامی کەسایەتییە ناودارەکان بوون بە نموونەی ستایل و حەز و ئارەزووەکان.

پەیامی سەرەکیی جیل لیپۆڤێتسکی لە کتیبەکانیدا ئەوەیە: ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە بە زۆر مۆدە بەسەرماندا ناسەپێنرێت، بەڵکوو ئارەزووی خۆمان سەرکردایەتیمان دەکات. لە ڕابووردوودا مۆدە وەرزی بوو، بەڵام ئەمڕۆ هەموو ڕۆژێک، یان تەنانەت هەموو کاتژمێرێک لە گۆڕاندایە، پلاتفۆرمەکانی وەک تیک تۆک و ئینستاگرام ترێندی زۆر خێرا لە بەرژەوەندیی مۆدە دروست دەکەن، شتێک کە ئەمڕۆ بەناوبانگە، ڕەنگە سبەی نەمێنێت. لیپۆڤێتسکی ئەمە بە مەترسیدارترین جۆری کۆنترۆڵکردنی مێشکی مرۆڤ هەژمار دەکات، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی مۆدێرن تەنیا بە مۆدە ناژیت، بەڵکوو لەناو ئەودا دەژێت و تواوەتەوە. لەکاتێکدا ئێمە لە جیهانی مۆدەدا هەست بە ئازادی دەکەین، بەڵام بە شێوەیەکی شاراوە و هێندە ورد ئاراستە دەکرێین وا هەست دەکەین هەڵبژاردنی خۆمانە، ئەگەرچی لە ڕابووردوودا شوناس (فەرهەنگ، چین، نەریت) جێگیر بوون، بەڵام ئەمڕۆ دەتوانرێت بەپێی ڕەوتەکە کەسایەتیی خۆمان بگۆڕین، ڕۆژێک کلاسیک، ڕۆژێک وەرزشی، ڕۆژێک مینیمالیستی، ئەمە لە ڕووکەشدا لە ئازادی دەچێت، بەڵام مەترسییەکی گەورەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، ئەویش لەدەستدانی هەستی ناسنامەیەکی جێگیرە، واتە مرۆڤی هاوچەرخ بووە بە وەشانێک کە بەردەوام لە گۆڕاندایە، زیاتر لەوەی بڕیار دەدات کاریگەری لەسەر دەبێت.

دەرئەنجام: بۆ ئەوەی کولتووری مۆدە قووتمان نەدات، پێویستە پێش ئەوەی هەر شتێک بکڕین، لە خۆمان بپرسین ئایا هەر بەڕاستی بۆ ئێمە پێویستە، یان تەنیا لەبەر ئەوەی مۆدێرنە و بووە بە ترێند؟ شێوازێکی تایبەت بە خۆمان دروست بکەین و شوێن هەموو شتێک نەکەوین، پێداویستیی خۆمان هەڵبژێرین، نەک وەک ئەوەی بەناوبانگە و دەنگ دەداتەوە. بە دووبارەکردنەوەی مۆدەکان ڕازی بین، پێویست ناکات بەردەوام خۆمان بە مۆدێلی نوێ نمایش بکەین، کە پێچەوانەی لۆژیکی بازاڕە، بەڵام بۆ ئێمە دروستتر و باشترینیانە. دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە هۆشیاریمان یەکسانە بە ئازادیمان، تا زیاتر لە سیستەمەکە تێبگەین، کەمتر کاریگەریی لەسەرمان دەبێت و توانایی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەمان زیاتر دەبێت.


سەرچاوەکان:

(١) جيل ليبوفتسكي، امبراطورية الموضة، زوال متجدد، الموضة ومصيرها في المجتمعات الغربية.

(٢) جيل ليبوفتسكي، عصر الفراغ، الفردانية المعاصرة في ما بعد الحداثة.

(٣) جيل ليبوفتسكي، السعادة المتناقضة، مقال عن مجتمع الاستهلاك المفرط.

(٤) جيل ليبوفتسكي، الحداثة الثانية، وثبة جديدة للفردانية.